چاودێر
ژمارە (٧٠) دووشەممە ٢٠٠٦/٢/٢٧

# مەلا عەلی عەبدولعەزیز دەستبەسەر دەکرێ


مەلا عەلی عەبدولعەزیز (رابەری بزوتنەوەی ئیسلامی)

هێزەکانی ئاسایش لەشاری سلێمانی، مەلا عەلی عەبدولعەزیز رابەری گشتیی بزووتنەوەی ئیسلامی لەماڵەکەی خۆیدا لەشاری سلێمانی دەستبەسەردەکەن تا ئەوکاتەی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە رووداوی سوتاندنی مۆنیۆمێنتی هەڵەبجەی شەهید تەواودەبێ.

لەمبارەیەوە لێپرسراوێکی ئەمنی بە "چاودێر"ی راگەیاند: لەرۆژی (١٩)ی ئەم مانگەوە مەلاعەلی لەماڵەکەی خۆیدا لەسلێمانیو لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستبەسەرکراوە،و ئاشکراشیکرد: هەر دوێنێ فەرمانیداوە بە گواستنەوەی سەرجەمی ئەو کەسانەی لەگرتوخانەی ئاسایشی شارەزوورن بۆ گرتووخانەی ئاسایش لەسلێمانی، کە تائێستا ژمارەیان نزیکەی (٣٨) کەسە.

## لێکۆڵینەوە بەردەوامە

هەر دوێنێ ئێوارە، بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەزوور بە "چاودێر"ی راگەیاند: تا ئێستا فەرمانی گواستنەوەی ئەو دەستگیرکراوانەی پێنەگەیشتووەو ئاشکراشیکرد: ئەو (٣٨) کەسە کە بەتۆمەتی سوتاندنی مۆنیۆمێنتی هەڵەبجە دەستگیرکراون، هەندێکیان تاوانەکەیان بەسەردا ساغبووەتەوەو لێکۆڵینەوەش لەگەڵ ئەوانی تردا بەردەوامە.

هەر لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا لەگەڵ "چاودێر"، عەقید ئەکرەم ئەحمەد قادر ئاماژەی بەوەشکرد: هەندێک لەو کەسانەی کە ترسیان لەخۆیان هەیە تێوەگلابن لەو کارە، چوونەتە گوندەکانی "گۆین، باوەکۆچەک، چنار،و مۆردین"و لەوێ خۆیان حەشارداوەو ئاشکراشیکرد: مەرج نییە ئەو کەسانەی کە چوونەتە ئەو گوندانە،و هەروا ئەوانەشی کە بۆ هەولێر هەڵاتوون، لەو کارە تێوەگلابن.

## حزبێکی هاوپەیمانی بریندارەکانی رووداوەکە بۆ ئێران دەگوێزێتەوە

هاوکات سەرچاوەیەکی ئاگادار بە "چاودێر"ی راگەیاند: لەرۆژی پەلاماردانەکەی مۆنیۆمێنتی هەڵەبجەدا، چوار کەس لەو پەلامارەرانەی لەسوتاندنی مۆنیۆمێنتەکەدا برینداربوون، لەلایەن حزبێکی هاوپەیمانەوە گەیاندراوەتە سنوری "هانەگەرمەڵە"و بۆ عیلاجکردن براون، سەرچاوەکە ئاشکراشیکرد: ئەو کارە لەلایەن چەند چەکدارێکەوە کراوە کە بەرگی سەربازیان لەبەردابووە،و دواتر لە "هانەگەرمەڵە"وەو بەئۆتۆمبیلی ئێرانی گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی "پاوە". ■